# ڕۆژی دزینی دەسڕەکان و ماچە حەرامەکانی باوکم

*سەحەر ڕەسایی*



تەنیا قاچە ڕەشەکانی ژنەکەم ئەبینی, قولە پێیەکی ڕەش و پاژنەیەکی قڵیشاو. قاچە ڕەش و باریکەکانی باوکم بەردەوام ئەجولانەوە, با چمکێکی پەردەکەی لادابوو, دایکم چایی لێ ئەنا, ووتم ئەمە کێیە؟ سەری قۆرییەکەی لەدەست کەوتەخوارەوەو ووتی: میییواااان. دەنگی ئەلەرزی و دەمی ئەهات بەیەکا, بۆنی چایی کولاو ئەهات, دەنگی لەرزۆکی دایکم و پەردە بابردووەکەی ژوورەکەو قاچە قڵیشاوەکان و هەناسە شڵەژاوەکانی باوکم تووشی سەریەشەیان کردبووم. هەستم بە شتێکی سەیر ئەکرد لەسەر دڵما. قورس وەك هەڵمات, هەڵماتی چی بەقەدەر هێلکەیەك ئەبوو, دیسان ڕامکردەوە دەرەوە و ڕۆیشتمەوە پشت پەنجەرەکە, هیچم نەئەبینی, لەدرزی شوشەی شکاوی پەنجەرەکەوە فووم لە پەردەکە ئەکرد, نەء هەر هیچم نەئەبینی, لە پڕ نەسیمێکی فێنك هەڵیکرد, ساحێبی قاچە قڵیشاوەکان باوکمی ماچ ئەکرد, دایکم لە ئاشپەزخانەکەدا دانیشتبوو, سینییەك چایی لەبەردەمیا دانابوو, سەرنجی پیاڵە چایەکانمدا هەڵمی لێ هەڵنەئەستا, دایکم ئەگریا, شتە قورسەکە لەسەر دڵم قورستربووبوو هەستم ئەکرد بەقەدەر شوتییەکی لێهاتووە, هیچم

بۆنەئەوترا وەك دایكم كە نەیتوانی بڵێ میوان, خۆم فڕێدایە باوەشی و گریام, سەری بەرزكردمەوەو ووتی: ووس كەرەگیان باوكت گوێی لێبێت ئەمانكوژێت. سەر دڵم تا ئەهات قورسترئەبوو دەستم بەر پاژنەی دایكم كەوت ساف و نەرم بوو, دایكم ووتی: ئای ڕۆڵە با گەورەبیت و لەم جۆرە میوانەت بێ جا بەحاڵم ئەزانی.

سەردڵم لە شوتییەكەش قورستربوو, بەدەم چڵم هەڵوشینەوە ڕامكردە حەوشەكە, لە سوچێكدا گوێنییەك دەسڕم بینی, زانیم هی ژنە قاچ قڵیشاوەكەیە, ڕۆیشتم چەقۆیەكم هێنا و سوچێكی پچوكم لێدڕی و كراسەكەم خستە ناو پانتۆڵەكەم و لە ملیوانەكەمەوە پڕمكرد لە دەسڕ, پاشان گیرفانەكانم, دووتاڵ لە بەنی گوێنیەكەم ڕاكێشاو دەرقاچەكانم پێبەست و پانتۆڵەكەشم پڕكرد, چەند دەسڕێكیشم خستە سەریەك بۆ لوت سڕین, بەجۆرێك كە كاتێك ئەمویست لوتم بسڕم لەتاو زۆری دەسڕەكان دەموچاوم دیارنەئەما.

تەنەكەیەك نانەڕەقە و ئینجانەیەكی پڕ لە خۆڵیش لە پاڵ فەردەكەدا بوو. یەكەمجار تەنەكەكەم خاڵی كردوو نیوەم كرد لە دەسڕو نانەكانم كردەوە سەری, لەتاو زۆری دەسڕەكان قورس بووبووم, سەیرێكی ژوورەوەم كرد دایكم دیارنەبوو ئەمزانی گەر پێمبزانێ و دەسڕەكان ببینێ تووڕەئەبێ, هەرچەندە باوكم دەسڕەكانی بۆ ئەو ژنە قاچ ناشیرینە كڕیبوو كە لە ژووری نوستنەكەمان باوكمی ماچ ئەكرد, ڕۆشتمە ژوورەكەی ترو قاڵییەكەم هەڵدایەوەو دەسڕەكانم خستەژێری, چوومەوە پشت پەنجەرەكە, ژنە قاچ ڕەشەكە هەر باوكمی ماچ ئەكرد, سەرم كێشایە ئاشپەزخانەكە و دایكم چاییەكەی گەرم كردبۆوە, بۆنی پیازو ڕۆن تێكەڵ بە بۆنی چاییە كوڵاوەكە بووبوو, دایكم بەدەنگی بەرز ئەگریا, عەلاگەیەكی بۆ فڕێدام و پارەی دامێ تەماتە بكڕم, كە گەڕامەوە حەوشەكە دیسان گرفانەكانم پڕكردەوە لە دەسڕ, تەنانەت عەلاگەی تەماتەكەش, هەموو منالآنی كۆلآنم بانگكردوو دەسڕەكانم بەسەریاندا دابەشكرد, تا هەفتەیەك لوتی منالەكان پاك بوو, تەماتەكەم داناو گەڕامەوە پشت پەنجەرەكە, پەردەكە كەمتر ئەجولآیەوە, بەلآم هێشتا ئەمتوانی قاچیان ببینم, هەستم ئەكرد سەردڵم بەقەدەر فەردەیەك پەتاتەی لێهاتووە, نەمئەزانی قورسایی سەر دڵم هی بۆنی تیژی چایە یا دزینی دەســڕەكان. كوڵاوەكــە بوو, هی فرمێسـكەكـانی دایكم یا هی قاچە ڕەش و عەجولەكانی باوكــم,

نیو سەعات لەمەوپێش کە هاتمەوە جووتێك پێڵاوی ژنانەم لەبەر دەرگای ژووری نوستنەکەمان بینی, جوتێك پێڵاوی پاژنەبەرزی نوك باریك, لە ڕۆژی دزینی دەسرەکانەوە زۆر شت گۆڕاوە جگە لەو قورساییەی سەر دڵم, تا کەمێکیش دوای دزینی دەسرەکان ئەمزانی سەردڵم چەند قورسە بەڵام ئێستا حسابیم لەدەست دەرچووە, هەرگیز هۆی ئەم قورسییەم نەزانیوە, نەمزانی هی قرچەی ڕۆنەکەو فرمێسکە هێمنەکانی دایکم یا هی پێڵاوە بەرزەکانی بەردەرگای ژووری نوستنەکەی خۆمە یا هی ئەم مۆسیقا پڕ لە خەمەیە کە لە درزی دەرگای ژووری نوستنەکەمەوە دێتە دەرێ, نازانم؟ با پەردەی بەر پەنجەرەکە لائەدا, ورەم تیانییە بڕۆم و بە دزییەوە سەیری قاچی ژنەکە بکەم و بزانم پاژنەی پێی مەعشوقەی مێردەکەم نەرمترە یا مەعشوقەکەی باوکم, ئەمەوێت شتێك بڵێم ناتوانم, دەنگی منیش وەك دایکم ئەلەرزێ کە نەیتوانی بڵێ: مییییوااااان. ئاو بە لوتما ناوەستێ, بۆ دەسرێك ئەگەڕێم و سەیری سەر مێزەکە ئەکەم دوو سێ دەسر کەوتووەو دوو پەرداخ دانراوە, دەسرێکیان هەڵئەگرم بۆنی عەترێکی تیژی ژنانەی لێدێت, قورگم وشکە و دەمەوێت چۆڕێك ئاو بخۆم, لێواری پەرداخەکە کەمێك سوراوی پێوە ماوە, ئەڕۆمە بەر ئاوێنەکە و ئەنووسم ڕۆژی دزینی دەسرەکان و ماچە حەرامەکانی باوکم و مێردەکەم, پێڵاوەکانم ئەگرم بەدەستمەوەو بۆ هەمیشە ئەڕۆم. ئێستاش پاش تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە, دەنگی مۆسیقاکە هەر لە گوێمایەو پێڵاوە بەرزەکانیش هەر لەبەرچاومەو دەنگم ئەلەرزێ و هەستئەکەم دڵم لە دڵی ڕۆژی دزینی دەسرەکان قورسترە.